
## لە پێناو ژیانی ئەوروپا واز لە مێردەکەی دێنێ



# چیرۆکی ئەو ئافرەتەی دوای گەیشتنی بە ئەوروپا دەسبەرداری ژیانی هاوسەری بوو

***کەم نین ئەوانەی بەهۆی کۆچکردن بۆ ئەورووپاو دووچاری لێکهەڵوەشانەوەی خێزانەکانیان بوونە و لەمیانی ئەوەشدا رووبەرووی کۆمەڵێك ئاسەواری خراپی ئەو بارە تازەیە بوونە، جا دەرکەوتنی ئەو کێشانە چ لەو کاتەدا بێت کە ژن و مێرد دەگەنە ئەورووپاو، یا ئەو وەختەی کە یەکێکیان دەگاتە ئەوروپا و ئەویتریان لە کوردستان گیر دەخوات، هەر وەك ئەم کێشەیەی کە لێرەدا دەیخەینەڕوو، کە پیاوێك بە ناوی( دیدار)، کاتێك ژنەکەی بەخۆی و هەردوو منداڵییەوە دەگاتە وڵاتێك لە وڵاتەکانی ئەورووپا(سوید)، دوای ماوەیەکی کەم، لە رێی پارێزەرێکییەوە داوایەکی یاسایی بۆ جیابوونەوە لەسەر مێردەکەی تۆمار دەکات.***

***کاتێك (دیدار) بە میزاجێکی توند و سەر و دڵ گیراوی و تووڕەییەوە، لە هۆڵی دادگا هاتە دەرەوە، بێ پەرواو و بە راشکاوییەوە کێشەی خۆی و ژنەکەی باس کرد، کە لە راستیدا خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکە بۆ سەرنجدان لە دەرکەوتەکانی کۆچکردن لەسەر شیرازەی خێزان و ئەو ئاکامە نەرێیانەی کە لێیدەکەونەوە.***

(دیدار) سەبارەت بە کێشەی خۆی و ژنەکەی روونیکردەوە و گوتی: من لەگەڵ (شـــیرین) کە ژنم بوو، هیچ کێشەیەکم نەبوو پێشتر، تا ئەو کاتەی نەگەیشتە ئەوروپا.. کە گەیشتە ئەوروپا ئیدی بە قودرەتی قـــادر گۆڕا، نازانم چ وایلێکرد هێنـــدە زوو بگۆڕێ و من فەرامـــۆش بکات، ژنێك خاوەنی دوو منداڵ بێت لە پیاوێك ئایا ژیانی ئەوروپایی هێندە بەرزو شرینترە لە ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ مێردەکەی...؟

ئەم پرسیارە با (شیرین) وەڵامیبداتەوە، ئەگەر چاوی، بەم قســـانەی من کەوت لەم گۆڤـــارەدا. بە هەرحاڵ با تۆزێك بگەڕێمەوە دواوە و پاشخانێکی ژیانی هاوسەرێتیم باس بکەم، چەند ساڵێك بەر لە ئەمڕۆ ژیانی هاوسەرێتیم لەگەڵ (شیرین) پێکهێنا، دوای ئەوەی منداڵێکمان بوو، برایەکی گەیشـــتە وڵاتی (سوید)، پێشـــتر دوو برای دیکەشی لەوێ بوون، کە هەردووکیشیان رەگەزنامەی (سوید) یان وەرگرتبوو، دیاربوو براکانیـــان چەند جارێك چرپاندبوویانە گوێی (شـــیرین) کە ئەویش و دایك و باوکیشـــیان بۆ ئەوروپا رادەکێشـــن و ئیتر کەڵکەڵـــەی ئەوروپا، ببووە خەمی هەموو دەمی (شـــیرین) سەرەتا هەوڵیدا منیش بخاتە سەر کەڵکەڵەی چوونە ئەوروپا من لەسەرەتاوە نە حەزم لێبوو بچمە، نە دەشچم ئەگەر بۆشم رێکبکەوێت، مەگەر بۆ ســـەفەر و گەشت و گەڕان بێت، ئەوســـا قەیدیناکا چوونە ئەوروپـــا بـــۆ ماوەیەکی کاتی ســـوود بەخشـــە، زیانبەخـــش نییە، بەڵام لە راستیدا ئامانجی (شیرین) مانـــەوەی یەکجارەکـــی و خۆڕاهێنـــان و تێکەڵ بوون توانـــەوە بوو لە نێو بۆتەی ژیانی ئەوروپایی، منیش ئەوەم نەدەویســـت و ئێستاو تا مردنیش نامەوێت، هەر چۆنێك بێت، (شـــیرین) کە زانـــی نامەوێت ئێرە بەجێ بێڵم، گوتـــی قەیدیناکا، رێمبدە مـــن لەگەڵ منداڵـــەکان دەچم و ماوەیەك لـــەوێ دەبین و دەگەڕێینەوە، با ئەوە وەکو گەشتێك بێت، تۆمەز ئەو لەگەڵ براکانی لەســـەر ئەوە رێککەوتبوون کە بەو شێوازە لەگە من هەڵسوکەوت بکات نەبادا ببێتە شەڕ و ناخۆشی و ئاژاوەمان، تا رایدەکێشـــنە ئەوروپا، ئەوسا ئەگەر چووم باشە نەشچووم داوای تەڵاق بکات، پاش ئەوەی منداڵێکی تریشـــمان بوو، براکانی (شیرین) هێشتا نەیانتوانیبوو، کاروباری سەفەرکردنی بۆ مســـۆگەر بکەن، تا ئەو کاتەی منداڵی دووەممان بووە یەك ســـاڵان ، ئیـــدی دوای دوو مانگ ، رۆژێك برایەکی هاتەوە کوردستان و کۆمەڵێ قسەی خۆش و بەڵێنی گەورە و قسەی زلی بۆ کردم و (٣٠) وەرەقەشی دامێ و گوتی کەوا دوای گەیاندنی شـــیرین بۆ ئەوروپا ئەگەر هاتی بەسەردان ئەوە ئێمە بۆت رێکدەخەین ئەگەر نەشهاتی ئەوا هەتا شیرین دەگەڕێتەوە هێندێك پارەت بۆ دەنێرین تا ئەو دێتەوە.

خانوویەکی باشـــی پێبکرە، هەر چۆنێك بێت پاش چوار پێنـــج رۆژان خۆ ئامـــادە کردن، هەرچی زێـــڕی لەماڵەوە هەبـــوو گوایە بۆ جوانی بەخـــۆی دەکات، بردی و هەردوو منداڵەکەشـــی بەگەڵ خۆیدا و بـــە فرۆکە لەگەڵ براکەی ڕۆیشـــتن، تا نزیکەی (٣) مانگیش هیچ هەواڵێکی نەبوو، تەنانەت بە تەلەفۆنیش پەیوەندی پێوە نەکردم، ئەوەندەم زانی (تەبلیغ) ێکم لە دادگاوە بۆ هات کە تیایدا رۆژی دادبینی لە کێشـــەی ژماە (٠٠٠)، لە دادگا ئامادەبم، کە چوومە دادگا بزانم کێشـــەی چیم هەیە، لە بەشی خامەی دادگا پرسیارم کرد، گوتیان خێزانەکەت لە رێگەی فلان پارێزەرەوە داوای جیابوونـــەوەی کـــردووە، چوومـــە لای پارێزەرەکە و ئەویـــش گوتی: بەڵێ خێزانەکەت لە رێـــگای باڵوێزخانەوە بریکارێکـــی داومەتێ و داوای جیابوونـــەوە لە تۆ دەکات، گوتم بەهۆی چییەوە گوتی: خێزانەکەت دەڵێ ئیتر ناتوانم لەگەڵ پیاوەکەم بژیم و زیانم پێدەگەیەنێ.

بە هەرحاڵ من کە هیچ زیانێکم پێنەگەیاندووە، چ رەوای هەقە ئـــەو داوایەی لە دژم تۆمارکـــردووە، چ زوو ژیانی ئەوروپا بووە هۆی گۆڕینی بیروڕای لەسەر من.

بە هەرحـــاڵ رۆژی دادبینی چوومە دادگا و پارێزەرەکە کە لە جیاتی ژنەکەم و بەبریکارێتی ئەو داوای نووســـیبوو کە لێکجیابینەوە، دادگا قســـەکانی پارێزەرەکەی تۆمارکرد و پرســـیاریش لەمن کرا، کەچیم هەیە بیڵێم، منیش گوتم: هیچـــم نییە، چونکە من هیچ کێشـــەیەکم لەگەڵ ژنەکەم نییە و هیچ زیانێکیشـــم پێ نەگەیاندووە و پێشم سەیرە کە داوای جیابوونەوە دەکات، پارێزەرەکـــەش وێـــڕای ئەوەی کەسوور بوو لەسەر ناوەڕۆکی داواکەی رووی لـــە دادوەر کرد و گوتی: جەنابی دادوەر، بەڵام من ســـوورم لەسەر ئەوەی کە بریکاردارم کە خێزانی ئەو پیاوەیە، دەیەوێ جیابێتەوە لێی و لە هەموو مافێکی خۆشـــی خۆش دەبێت و نایەوێـــت، مـــادام زیانی پێدەگەیەنێ ئەو دەســـت لە هەموو شتێکی بەردەدات تەنیا ئـــەم مێردە خراپەی لـــە کۆڵ بێتەوە، بـــە کورتی ئەو ژنە ئـــەم پیاوەی ناوێ پێی ناڕازییەو تـــەواو، ئیدی نازانم ئەو بۆچی بە زۆر پابەندی ژیانی هاوســـەرێتی ئەو دەکات کە بریکاردارم (شیرین) نایەوێ..



کاتێك پارێزەرەکە ئەوەی گوت: منیش بەرەوڕووی دادگا وەســـتام و گوتم: کوڕە ئەگەر ئـــەو منی نایەوێت ئەمنیش سەد جاران ئەوم ناوێت و دەبرۆ ئەوە تەڵاقم دا و لە جیاتی جارێك سەد جاران تەڵاقم لێی کەوتبێت، کە من ئەوەم گوت: پارێزەرەکە لە خۆشیان شاگەشـــکەبوو، یەکسەر بەدادوەری گوت: جەنابی دادوەر داوا دەکەم تەڵاقەکەی پەسەند بکەی و بنووسرێت.

ئیدی دادوەریش پەســـەندی تەڵاقەکەی کرد و هەرچی مافیش هەبوو، لە هەمووی خۆشـــبوو، کۆتایی بە ژیانی هاوســـەرێتیمان هات، ئا ئەوە بوو سەربووردەی من لەگەڵ ژنێك کە منی کردە قوربانی ژیانی ئەوروپا و هاشو هوشی خۆشی ئەوێ، کاکە ئەو سەفەرکردن و کۆچ کردنە دەردێکی گەلـــەك گرانە بەڵام ئەم خەڵکە تەنیا لایەنە خۆشـــەکانی دەبینن لایەنە ناخۆشەکانی پشتگوێ دەخەن.

●●●
**من رێگەم نەدا براکانی رایکێشن و بیبەن بۆ ئەوروپا بەڵام ئەو گوتی تەنیا رێگەم بدە بۆ گەشتکردن لەگەڵ منداڵەکان بچم و دواتر دەگەڕێمەوە**
●●●

●●●
**هیچ گرفتێکمان نەبوو بەڵام کە گەیشتە ئەوروپا گۆڕاو بە تەواوی فەرامۆشی کردم**
●●●

# راشـــــکـــــاوی

## هۆکارێک بۆ دوورخستنەوەی دڵپیسی و بەدگومانی لەنێوان ژن و مێرددا



***■کەم نین ئەو کێشـــانەی کە بەهۆی نەبوونی(راشکاویی) و راشکاویبوونی ژن و مێردان، لەنێو خێزاندا روودەدەن.. بێ لەوە گرنگی راشـــکاویبوون لە نێوان دایك و کچەکەی، باوك و کورەکەی، براو خوشـــك، لە راشـــکاویی نێوان ژن و مێرد کەمتر نییە. بەڵام کە راشکاویی هێندە هۆکارێکی گرنگ وپێویست بێت بۆ ســـەرکەوتن و دواجار بەختەوەری هەر خێزانێك، ئەدی نەبوونی ئەو راشکاویبوونە بۆچی دەگەڕێتەوە... چ شتێك دەبێتە هۆی نەمانی ئەو راشکاویبوونە و چیش بکەین بۆ ئەوەی بتوانین هەم لە ناو ناخی خۆمان و لەگەڵ خۆماندا دروستی بکەین، هەمیش لەگەڵ کەسانی تر دروستی بکەین...؟■***

### راشکاوی سیفەتێکی جوانی مرۆڤە

لە هەر یەکێك لە ئێمە بپرســـی ئەرێ تۆ هەڵوێســـتت لەسەر ئەوە چییە ئەگەر من راشکاوانە بووم لەگەڵتدا، یەکراست دیارە لە وەڵامدا دەڵێ: زۆریشم پێ خۆشە و ئەمنیش هەروا راشکاوانەم.

وەلێ کە دێتە سەر ئەرزی واقیع رەنگە بەپێچەوانەوە بکەوێتەوە.

خاتوو(ڤیان) کە مامۆســـتایە لە قوتابخانەی زانیاری سەرەتایی تێکـــەڵاو لەو بڕوایەدایـــە ئەگەرچی زۆربەمان حەز لە راشـــکاوی دەکەین، بەڵام وەختێك مەسەلەکە دەگاتە ئەوەی کەتۆ کەمتەرخەمییەك لەکارەکەت، یا هەڵەیەك، یا نایاســـاییەك یـــا کەموکوڕیەك دەنوێنێ و پێویســـت دەکات بەڕاشـــکاوی پێت بگوترێت، یان بە راشـــکاوی پێـــت دەگوترێت، تـــوڕە و قەڵس دەبی، کەچـــی ئەگەر یەکێکی تر کەمتەرخەمی کرد و بەڕاشـــکاوی پێیگوترا بە مەبەستی نەهێشتنی کەمتەرخەمییەکـــەی و پێی توڕە بوو، بەڕەوای نازانین لەســـەر ئەو راشکاوییە توڕە ببێت... کەواتە هەر وەك مامۆستا(ڤیان)دەڵێ: چۆن پێمخۆشە تۆ راشکاویم لێ قبووڵ بکەی، پێویستە منیش راشکاویت لـــێ قبووڵ بکەم، ئینجا ئەم ســـیفەتە چەند بۆ هەر تاکێك لە ئێمە، لـــە قوتابخانە، لە زانکۆ، لە دەزگا و دائیرە و فەرمانگەکان گرنگ وپێویستە، بۆ ژن و مێردان گرنگتر و پێویستریشە، بەڕای من یەکێ

لە هۆیەکانی سەرنەکەوتنی ژن و مێرد لە ژیانی هاوسەریدا هۆکەی نەبوونی راشــکاوییە لە نێوانیاندا، بەڵام بەراســتی دروستبوونی ئەم سیفەتە و پەیرەوکردنی لە نێوان ژن وپیاودا، دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی دروســت، گەر ئێمە پەروەردەکەمان، هەر لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای راســتگۆیی و ئەمانەت نەبوو، راشــکاویی چۆن دەبێتە بەشێك لە رەفتارەکانمان...

خاتوو (نەرمین فایەق)یش، کە ئەویش مامۆستای هونەرەجوانەکانە، بڕوایەکــی تەواوی بەوە هەیە کە ئێمە تــا لەگەڵ خودی خۆمان و لەگەڵ کەسانی دەورووبەرمان راستگۆ نەبین، راشکاو نابین، چونکە بەلای بەڕێزیانەوە راشــکاوبوون، واتە راستگۆیی و ئاشکراگۆیی و دڵسۆزی و خەمخۆری، ئینجا ئەو خەمخۆریە بۆ هەر شتێکی بەسوود بێت، بۆ نموونە ئەگەر مامۆســتایەکمان وانەگوتنەوەی بەشــتێکی ســادە و بێ بایەخ زانی، گرنگ نەبوو لــەلای کە چەند زانیاری پێیە و چەند زانیاری دەگەیەنێ، گرنگ ئەوەیە کات بەســەر ببات و موچەکە وەربگرێ، بەڕاســتی ئەو کەسە بەراشکاوی پێیبگوترێ تۆ کەمتەرخەمی و پێویستە خۆت چاك بکەیتەوە و بێیتە سەر باری راست، ئەگەر لە ماوەیەکی دیاریکراودا وای نەکرد، من کە بەڕێوەبەر بم، بێ دوودڵی، هەتا ئەگەر نزیکترین کەس یا هاوڕێشــم بێت سزای ئیداریی دەدەم، چونکە ئەو کەســە زیان لەخۆی و لە کەسانی تریش دەدات، دواجــار زیانی هەرە گەورە بە کۆمەڵ دەکەوێت، با ئەو زیانە زیانێکی راستەوخۆ و مادی و ئێستایی نەبێت.

لە نێوان ژن و مێردیش ئەوە مەسەلەکە هەر زۆر گرنگ و پڕبایەخە بەڕای کاك(دلێر عەبدولقادر کاکە) کە یاریدەدەری پزیشکە بنەمای هەموو راشکاوییەك لە خێزانەوە دەست پێ دەکات بەتایبەتیش لە نێوان ژن ومێرددا، ئەو دەڵێ: ئەوە نزیکەی(٩) ساڵێکە ژنم هێناوە.



من و هاوسەرەکەم پێشتر لەیەك فەرمانگــە بووین، کە رامان لە یەکتر بوو پەیوەندیمان بەســت. هاوســەرەکەم هەر لەســەرەتاوە گوتی: با بەڕاشکاوی پێت بڵێم مــن پێچ و پەنام نییە و زۆریش بە اشــکاوی لەگەڵت دەدوێم و دەیبڕێنمەوە، پەیوەندی من لەگەڵ تۆ دووشت رایدەگرێ راستگۆیی و راشکاوی ئامانجی منیش لەو پەیوەندییە پێکهێنانی خێزانێکی خۆشگوزەران و پڕ لە راستگۆیی و راشکاوی، و دڵنیاییە.. دیارە منیش مرۆڤێکی وەهام دەوێت و خۆشم حەز بە راشکاوی دەکەم، ئەگەر بەرامبەرەکەشم، بەتایبەتی ئەگەر هاوسەری ژیانم بوو، حەز بەڕاشکاوی بکات و راشکاوانە بێت لەگەڵم ئیدی ئەوە ئەوپەڕی ئاواتمە، ئەو راشــکاوییە دیارە بۆ منداڵەکانیــش دەگوازرێتەوە و ئەوانیش لەســەر ئــەو ریتمە پەرەوەردە دەبن و دەبێتە بەشێك لە هەڵسوکەوت و رەفتارییان.

ئەگەر زۆربەمان لەگەڵ یەك راشکاوانە بووین و توانیشمان لە ژیانی عەمەلیمانــدا وەها بین، ئینجا منداڵەکانیشمان لەسەر ئەو سیفە پەروەردە کرد و رامان هێنان، ئەوسا دەتوانین نەوەیەکی راستگۆ و خاوەن سیفەتێکی پڕ لە راشکاوانە بێنینە کایەوە.

وەك لە پێشــەوە گوتمان هۆی بەشــێکی کێشەکانمان و مانەوەیان و ئاڵۆزبوونیــان، رەنگــە بۆ نەبوونی راشــکاوی بگەڕێتەوە، ئەوەتا رێکەوتی وا هەبووە، کە ژن و مێرد شــتێکیان لەیەك شاردۆتەوە، ئەم شت شــاردنەوەیە بۆتە هۆی لەدەستدانی متمانە بە یەکتری و دواتر تەقینەوەی کێشەکان.

جــاری واش هەبووە چونکە ســیفەتی راشــکاوی لە نێوان ژن و مێردێکــدا نەبووە کێشــەی بەدگومانی و دڵپیســی و پاشــانیش تۆمەتبارکردن لە نێوانیاندا پەیدا بووە... پارێزەر(ژیان محیەدین) لەو بارەوە نموونەیەکی واقیعیمان بۆ دێنێتەوە و دڵێ: ئێمە کێشــەیەکمان هەبوو کە تیایدا پیاوەکــە ژنەکەی خۆی تۆمەتبارکردبوو بەوەی کە گومانی لە ژنەکەی هەیە کە(زینا)ی کردبێ، لەراســتیدا ئەم جۆرە تۆمەتبارکردنانە زۆر ترســناکن و ئەگەر بەڵگەی سەلمێنەر لە ئارادا نەبن، مەسەلەکەش ئەوە بوو کەئەو ژنە لە فەرمانگەیەکدا فەرمانبەر بــووە و یــەك دووجار لەگەڵ یەکێ لە هاوپیشــەکانی کە پیاو بووە دانیشــتووە و قسەی کردووە، ئیدی کەســێك لە فەرمانگەکەیان بە مێردەکەی گوتووە، ئەویش بێ لێکۆڵینەوە یەکسەر لێیداوە و کردووتیە شــەڕ لەگەڵ ژنەکەی، بەڵام هەڵەی ژنەکەی ئەوە بووە کە راستی مەسەلەکەی بەڕاشکاوی بەمێردەکەی خۆی نەگوتووە. تا ئەو کاتەی کە پیاوەکە داوا لەسەر ژنەکەی تۆمار دەکات و ژنەکەش ئا ئەو کاتە راستی مەسەلەکە بۆ دادوەر دەگێڕێتەوە بەوەی کە ئە و پیاوە پێشتر کێشــەیەکی لەگەڵ ژنەکەی هەبووە و ژنەکەی زیز بووە و چۆتەوە ماڵە باوکی، جا ئەو مەسەلەیەی بۆ ئەم ئافرەتە باس کردووە، لەبەر ئەوەی ژنێکی باش و راســتگۆیە و جێگەی متمانەیە، بۆیە داوای یارمەتی لێکردووە کە هەوڵبدات بچێتە لای ژنــە زیز بووەکەی بەڵکو بێت ئاشــتیان بکاتەوە. چونکــە ئــەو پیــاوە حەزی نەکردووە شــیرازەی خێزانەکەی تێکبچێت، لــە کاتێکدا خۆی هۆکاری زیزبوونی ژنەکەشــی بووە و غەدری لێکردووە.

ئەوە هەموو مەسەلەکە بوو، بێگومان دادوەر بــەو پێیەی کە کەسێکی یاسایی دووربین و دادپــەروەرە، زانیویەتی کە هۆکاری کێشەکە تەنیا لە یەك نەگەیشتن بــووە، بۆیە هەوڵی ئاشتکردنەوەی هەردووکیانی داو تیاشیدا سەرکەوتوو بوو.

ژنــەکــە و مــێــردەکــە ئــاشــت بــوونــەوە و وازیــان لە داواکــەهــێــنــا، ئــەم کێشەیە ئەگەر لێی وردبینەوە دەبینین لێکحاڵینەبوونێك روویــداوە، ئەگەر ئەو کەسانە بەراشکاوی باسی سەرچاوەی کێشەکەیان بکردایە و وەڵامی پرسیارەکانی یەکتریان بدابایەتەوە، ئەو کاتە نــەدەگــەیــشــتــنــە ئــەوەی بەو شێوەیە پیاوەکە لــە ژنــەکــە بە گومان بکەوێت..

●●●

**یەک لە هۆکارەکانی فەشەلهێنانی ژیانی هاوسەری، نەبوونی راشکاوییە لە نێوان ژن و مێرددا**

●●●

●●●

**پارێزەرێک: هەندێ جار نەبوونی راشکاوی دەبێتە هۆی دروستبوونی دڵپیسی و بەدگومانی لەنێوان ژن و مێرد**

●●●

## کە پیاو بە ئەرکی خۆی هەڵناستێ....

# ژیانی خێزان بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات؟



■ بەڕێوەبردنی ماڵ و ڕێکخستنی ئیش و کارەکانی خێزان کارێکی هاوبەشی ژن و پیاوە، گرنگە هەردوولا درك بەو بەرپرسیارێتییە بکەن کە لە ئەستۆیانە و هەریەکەیان لەلای خۆیەوە بەشەکاری خۆی ڕاپەڕێنێ،دەنا هاوسەنگی و بێ بەرنامەیی دەکەوێتە نێوەندی خێزان، وەك چۆن ئەرك و بەرپرسیارێتییە خێزانییەکانی ژن هەر لە ڕێکخستنی ماڵ و خواردن ئامادەکردن و بەخێوکردنی منداڵ و ..تاد، دیاری کراون بە هەمان شێوەش ئیش و کارەکانی پیاویش بەرچاون، وەلێ پرسیار لێرەدا ئەوەیە کاتێك لایەنێکی هاوکێشەکە بە تایبەت پیاو بە ئەرکی خۆی هەڵناستێ؟ بەرپرسیارییەتی و کارەکانی خۆشی دەخاتە ئەستۆی ژنان، هەڵوێستییان چی دەبێت؟■

ئا/ بێگەرد حوسین

- (نەجیبە وسوو) پێی وایە ئافرەتان لە ژیانی هاوسەریدا ڕووبەڕووی زۆر گرفت دەبنەوە لە زۆر کارو کرداردا بە ناچاری پەیرەوی هەندێ یاسای ژیانی هاوسەری دەکەن کە بە سەریاندا سەپاوە، بۆیە گوتی: هیچ کات ئافرەت حەز ناکات زیاد لە پێویست ماندووبێت و هەموو ئەرك و پێداویستییەکانی ماڵ لە ئەستۆ بگرێت، ئەو پیاوانەی کە تەواوی ئەرکەکانیان بە نیوەچڵی یاخود بەکەمی رادەپەڕێنن بێگومان یان لەرووی جەستەوە ناتەواون یان هەر خۆیان کەسایەتییەکی تەمبەڵن، ئەگینا پیاو لەرووی جەستەو ئەقڵەوە کەم و کورتی نەبێ مانای چی تەواوی ئەرکەکانی سەرشانی فەرامۆش بکات؟ (نەجیبە) گوتیشی: من یەکێکم لەو ئافرەتانەی کە هیچ کات ئەرکێك ناخەمە سەرشانم کە پیاوەکەم بتوانێ ئەنجامی بدات ئافرەتیش کاتێك ژیانی هاوسەری پێك دەهێنێ چاوەڕێی ئەو کەسەیە کە هاوبەشی ژیانییەتی نەك خۆی بخاتە ژێرباری خەم و قورسایی ژیان.

- (کاڵێ حەمەدەمین) ئافرەتێکە کە ماوەی چەند مانێگە ژیانی هاوبەشی گرێداوە، سەبارەت بەو پرسەدەڵێت: سەبارەت بە ژیانی هاوسەری خۆم هیچ کات ئامادە نیم پیاوەکەم قاچ بخاتە سەر قاچ و منیش لە دەرەوە هیلاکی بچێژم بەڵام ئامادەم بە هاوبەشی هەندێ لە ئەرك و ماندووبوونەکانی کەم بکەمەوە ئەویش بە مەرجێك نەبێتە هۆیەك وا تێبگات کە من هەموو بارێك قبوڵ دەکەم، باری دارایی و زرووفی ئێستا زۆر لەبارنییە و زۆرجار پیاوان فشارێك دروست دەکەن تا خێزانەکانیان ناچاربن بە هەندێ ئیش و کاری ئەوانیش هەڵبستن،(کاڵێ) گوتیشی ئەگەر دوای شووکردنم هەستم بەبوونی یەکێك لەو کێشانە کردبا بێگومان قەبوڵم نەدەکرد ژیانی هەتاهەتایی لەگەڵ بەرەو پێ بدەم.

- (زوبێرە رەشید) ی تەمەن (٣٥) ساڵ دەڵێت: نموونەم هەیە لە سەر ئەو باسەو ئافرەتێکی هاورێم بە دەست هاوسەرەکەیەوە گرفتار بووە، وەکو بێوەژن وایەو هەموو ئەرکێك هەر لەسەر شانی خۆیەتی، (زوبێرە) ئەوەی گەڕاندەوە بۆ پەروەردەی خێزان و گوتی: ئەگەر دایك یان خێزان بە گشتی بتوانێ هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە کورەکانیان وا رابهێنن کە دەبێت هەمیشە لە بەردەم ماڵ و منداڵدا بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن و دوای ژن هێنان ئەرکی زۆریان لەسەر شانە، هەرگیز پیاوان خۆیان لە ئەرکەکانیان ناشارنەوە، من پێم وایە هیچ کەسێك لێکدانەوەی باش بۆ ئەو جۆرە پیاوە تەمبەڵانە ناکات و ئافرەتیش حەز ناکات پیاوەکەی بەو شکڵە ژیانی لەگەڵدا بباتە سەر، ئەگەر هەر ئافرەتێك بیر لەوە بکاتەوە گوایە پیاوەکەی بەو کردارانەی هاوسەرەکەی دەسەڵات لەدەست دەدات یا بێگومان بێت کە ئەمە دوورە لە راستی و پیاو هەمیشە لە سنوری خۆیدا داناشکێ و هەر بەسەر ژندا دەتوانێ دەمراستی بکات و پێگەی لەناو خێزاندا بەهێزە نەك لاواز.

- بەبۆچوونی مامۆستا (خەسرەو حەسەن) نابێ پیاو کارێکی وا بکات کە مافە سەرەتایی و رەواکانی ئافرەت پێشێل بکات و دەڵێت: کاری ژن و پیاو دیارە خۆ ئەگەر ئافرەت توانای کارکردنی هەبوو یان فەرمانبەر بوو نابێ بیچەوسێنێتەوە، لە کۆمەڵگەی ئێمە دا ئەوە هەیە بەڵام بەو رێژە بەرچاوە نییە کە وەکو دیاردەو نانەوەی ئاژاوەی زۆری لێکەوتبێتەوە، ئەگەر هەشبێت کەمە، زۆرجاریش بەرێکەوت دیتوومە کە ژن پیاوەکەی لەرووی ئەقڵەوە تەواو نەبووە و خۆی هەستاوە بە بەرێوەبردنی ماڵەکەی یان لەئەستۆ گرتنی زۆربەی ئەرکەکانی خێزانەکەی،مامۆستا گوتی: هیچ کات رێگە نادەم ژنەکەم کارەکانی من بەرێوە ببات و خۆشم تەنیا هەندێ ئەرکی سووك لەئەستۆ بگرم، راستە هاوبەشی ژیانمە بەڵام خۆ کۆیلە نییە، زۆرکاتیش خێزان کچی وای وەبەرهێناوە کە هەمیشە رەفتاری وەکو نێرینەیەك بێ و خۆی بەبەرپرسی زۆر لە کارەکانی ماڵ بزانێ بۆیە دوای شوکردنیش حەزیان لێیە کچەکەیان ببێتە کەسێکی دەسەڵات دارو بەرپرسی ماڵیش.

- بەبۆچوونی (نەوژین جەلال) یش دیاری کردنی پیشەی پیاوو ژن مەرج نییە بەڵکە کارابوونی خودی کەسێتی مرۆڤ بۆیە دەڵێت: زۆرجار ئافرەتی وام دیتوە دوو بەرامبەر بە هاوسەرەکەی دەسەڵاتی هەبووە و توانای راپەڕاندنی هەبووە، لە بەرامبەریشدا پیاوەکەی تەمبەڵ و لاواز بووە ، بۆیە بە ناچاری وای کردووە ژنەکەی دەسەڵاتیش بگرێتە دەست و لە زۆرشتدا پرس و رای بە دەست هاوسەرەکەی بووە، چونکە زانیویەتی خۆی ئەو توانایەی تێدا نییە، (نەوژین) گوتی: زۆربەی ئەو جۆرە پیاوانە لە ماڵ دیکتاتۆرن و لە کاروباری دەرەوەش ئەو سیفەتەی تەمبەڵیان تێدابووە، بەراستی لە زۆر شوێن هەست بە بوونی ئەو پیاوانە دەکرێ، ئەگەر من رازی بم هاوسەرەکەم ئەو کارانە بکات دەبێ رازیش بم دەسەڵات لە دەست بدەم بۆیە هیچ کات قەبوڵی ئەو جۆرە شتە ناکەم.

- (ئەژدەر حاجی) پێی وابوو ئەو ئافرەتانەی کە لە ژێر ئەو بارەدا دەناڵێنن، زۆربەیان هاوسەرەکانیان لەرووی تەمەنەوە بەساڵداچوون، و توانای زۆر شتیان نییە لە ژیانیاندا بۆ هاوسەرو منداڵەکانیان بیکەن و ناچارن خۆیان لە ئاستی ئەو کارانە بێدەنگ بکەن، یاخود پیاوانی گوندو لادێکان زیاتر ئەرکەکانیان دەخەنە ئەستۆی نەك هەر ژنەکانیان بەڵکو کچەکانیشیان تووشی کارکردن دەکەن، (ئەژدەر) گوتی: زۆربەی ئەو ئافرەتانە کە شوویان کرد هەر بەردەوامن لەسەر ئەو گورج و گۆڵیەیان کاریگەری خێزانیان بەسەرەوە دەمێنێ، دواتریش هاوسەرەکانیان وا رادێنن کە چاوەڕێی دەستی ژنەکانیان بن و خۆشیان بە ئیسراحەت بۆی دانیشن و هەست بە لێپرسینەوە نەکەن بێگومان کۆمەڵگە بە چاوی رەخنەوە تەماشای ئەو جۆرە پیاوانە دەکات.

(کاتێك هاوسەنگی لە کارو ئەرك نەبوو بێگومان خۆشەویستییش نامێنێ)

- کۆمەڵناس (سەردار ئەحمەد بیتوێنی) سەبارەت بە بابەتەکەمان گوتی: سروشتی ژیانی پیاو و ژن دیاری کراوە ئەگەر هات و هاوسەنگی بەهای نەماو نەپارێزرا بێگومان رۆڵی خێزان سست دەبێت یان پیاو توانای کارکردنی هەبێ و نەتوانێ ئەرکەکانی سەرشانی ئەنجام بدات و بە هاوسەرەکەی رایبپەڕێنێ بێگومان ژیانی خێزانی هەرەس دێنێ ئەگەر هەرەسیشی پێ نەیەت هەمیشە تووشی گرفت دەبن و نەنگی دەکەوێتە ناو ژیانی هاوبەشیان، (سەردار) گوتیشی: ئەو جۆرە خێزانانە زیاتر ڕووبەڕووی کێشەو گرفت دەبنەوەو لەناو کۆمەڵ پیاوی لەو جۆرە نەخوازراوو کەمتەرخەمە، سەرچاوەی ئەو کێشانەش ئەو خێزانانەیە کە زۆر گرنگی نادەن بە تواناو هێزی کورەکانیان و بیر لە دوا رۆژی ژیانیان ناکەنەوە، ئافرەتی باش کاتێك ئەو جۆرە پیاوانەی پێ قەبوڵە بێگومان لەژێر کاریگەری هەندێ دابوونەرتی کۆمەڵ ئینجا ئەمرو ترسی خێزانیشی بەسەردا زاڵە بەهۆی بە شوودانی کچەکانیان بەدڵی خۆیان و بێگوێدانە حەزو ویستی ئەوان.

**کۆمەڵناسێک: خێزان بەرپرسە لەبەرهەم هێنانی پیاوی ناکاراو تەمبەڵ**

**گەر ئافرەت وا تێبگات کە بە راپەڕاندنی ئیش و ئەرکەکانی پیاوەکەی دەتوانێ دەسەڵاتی ئەوو بگرێتە دەست، هەڵەیە**

**گەر یەک دەستیشم هەبێ رێگە نادەم ژنەکەم ئیش و کارەکانم راپەڕێنێ**



### لەپێناو سەروەت و سامانی دونیا

# ژنێک مێردەکەی خۆی دەکوژێت!!

**پیاوێکی دەوڵەمەند و چاوو دڵ تێر**

ئەو پیاوەی کە ڕووداوی ژیانی باس دەکەین ناوی (حاجی نەهرۆ )یە یەکێك لە دەوڵەمەندەکانی ئەم شارە بووە، پیاوێکی ئیشکەر بووە. (ئەحمەد)ی کوڕی بەمجۆرە باسی خۆیان دەکات و دەڵێ: باوکم ساڵانێك دەبێ ئەمری خودای بە جێهێناوە. لە پاش خۆی من و سێ کچی لە پاش بە جێما لەگەڵ ژنێکی تری، کە دوای مردنی دایکم هێنا بووی، باوکی باوکم پیاوێکی هەبوو بووە کە ئەمری خودای بە جێهێنا دوو خانوو و سێ پارچە زەوی وکۆمەڵە زێڕێکی زۆری لە پاش بە جێما. لە بەر ئەوەی تەنها باوکم و کچێکی هەبوو، کچەکەشی لە باوکم گەورەتر بوو ، بە نەخۆشییەکی کوشندە کە هێشتا باوکم گەنج دەبێ کە ئەو کۆچی دوایی دەکات ئیتر کاسبییەکەی و تەواوی موڵکەکەی بۆ باوکم بە جێ دەمینێ و دەبنە موڵکی ئەو. ئەویش هەندێکیانی دەفرۆشێتەوە و بە پارەی موڵکەکەش خانووی باشتری پێدەکرێ و خۆی لە ناو یەکێکیاندا دادەنیشێ، ئەوانی تریش بە کرێ دەدات. باوکم پیاوێکی کاسب و نان بدە و چاو و دڵ تێر بووە، بەردەوام خێرو خێراتی کردووە و یارمەتی هەژارانی داوە، بۆیە خەڵك زۆریان خۆشویستووە. ڕۆژێك کە ئێمە هێشتا هەر بچووك بووینە لە دەوروبەری (١٥)ساڵیدا بوویمە ناسیاوێکی باوکم نەخۆش دەکەوێت هەواڵی خراپی باری تەندروستی بۆ باوکم دێنن. ئەویش لەگەڵ دایکم بە ئۆتۆمبێل بەڕێ دەکەون بەڵکۆ بچنە سەردانی، لە ڕێگادا بە هۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلەکەیانەوە باوکم بە سەختی بریندار دەبێ ودایکیشم دەمرێت. کە دەیانگەیننە نەخۆشخانە ئێمەش ئاگادار دەکەنەوە، لە ناو نەخۆشخانە باوکم دەزانێ کە دایکم مردووە، ئیدی ئەوە زۆر کاری تێدەکات و لە (گۆ) واتە قسەکردن دەکەوێت، پاشان دەردەکەوێ کە بڕبڕەی پشتی زیانی پێکەوتووە، بەهەر حاڵ دوای مانەوەی نزیکەی مانگێك لە نەخۆشخانە ڕەوانەی ماڵەوەی دەکەنەوە. باوکم بە گۆچانێك دەتوانێ بڕوات و وردە وردە دێتەوە سەرخۆی، بەڵام پزیشکەکان پێی دەڵێن دەبێ وریا بیت بەرنەبیتەوە و شت هەڵنەگریت چونکە بڕبڕەکانی پشتت زۆریان زیان پێکەوتووە، بە هەر بەربوونەوەیەك لەوانەیە دووچاری ئیفلیج بوون بیت ... پاش ماوەیەك دووبارە دێتەوە گۆ و قسەکردن.

**هێنانی ژنێکی تر**

ئەمجارە لە جیاتی ( ئەحمەد ) یەکێ لە کچەکانی حاجی نەهرۆ کەناوی (نەجیبە) بوو سەربوردەی خۆیان و باوکیانی بۆ گێراینەوە و گوتی: دوای ساڵێك لە بەسەر چوونی ئەم ڕووداووە لەبەر ئەوەی ئێمەش منداڵ بووین، کە من تەمەنم تەنها (٩) ساڵان بوو، خوشکەکانی ترم بچووکتر بوون بۆیە ناسیاوێکی باوکم پێشنیاری ئەوەی




***که مرۆڤ هەندێ رووداوی بەسەر دادێت، سەری لێدەشێوێت و بە خۆشی نازانێ چی بکات و چۆنی چارەسەر بکات. ساڵانێك بەر لە ئەمڕۆ پیاوێکی دەوڵەمەند لەم شارەدا دووچاری رووداوێکی دڵتەزێنی ئۆتۆمبێل دەبێ و منداڵێك و ژنەکەی تێدا دەمرن و خۆشی بە سەختی بریندار دەبێ. ئەم رووداوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم پیاوە بە ناچاری ژنێکی تر بهێنێ، هەم چاوێکی لە خۆی بێ و هەمیش بۆ ئەوەی ئاگاداری منداڵەکانی بێت. ژنە دەکەوێتە ناو نازو نیعمەتی هەبوونییەوە، بەڵام لە جیاتی شوکرانە و ژیان بەسەر بردن لە ناو ئەو نازو نیعمەتەدا ، تەماح بەری چاوی دەگرێ و بەرەو تاوان دەخزێ و ناهەقییەکی زۆر بەرامبەر بە مێردەکەی و منداڵەکانی دەکات... با بزانین دواجار چارەنووسی ئەم ژنە چی بەسەر دێ..***

بۆ کرد کە ژنێکی تر بێنێ هەم بۆ ئەوەی ئاگای لە ئێمە بێ و هەمیش خزمەتی ئەو بکات و ئاگاداری ئەویش بێت. باوکم لەبەر ئێمە دەستی شکا بوو، هەر رۆژێك، هەر ساتێك کە ئێمە بەو بێ دایکییە دەدیت دەگریا و خەم و خەفەتی دەخوارد، دەیگوت ژنم ناوێ بەڵام نازانم ئەو منداڵانە چۆن بەخێو بکەم، کە دەچمە سەر کار دڵم هەر لایانە و ئەوەندەی لە توانام دابوو بێت ئەو ماوەیە بوومەتە دایك و باوك و هەموو کەسێك بۆیان بەڵام هەرگیز وەکو دایکێکیش ناتوانم خزمەتیان بکەم، بۆیە زۆر پێویستم بە ژنێك هەیە، بەڵام دەشترسم غەدریان لێبکات، هەر چۆنێك بێت، باوکیان رازی کرد و ژنێکیان بۆ دۆزییەوە، بەڵام ژنەکە چەند ساڵێك لە باوکم بچوکتر بوو، لە خێزانێکی هەژار و نەداریش گەورە ببوو، کە هاتە ماڵمان و لەو نەبوونییەوە هاتە ئەو هەبوونیە، شێت و هار بوو، سەرەتا لەگەڵ ئێمە خراپ نەبوو، بەڵام ئەوە هەر مانگێك دووانی خایاند، ئیتر کەوتە پەڵپ و بیانوو و پێگرتنمان و هەر رۆژە بووختانێکی لای باوکمان پێدەکردین، باوکیشم ئێمەی دەناسی و ئەویش ناسیبووی، باوکم بە گوێی نەدەکرد و بەو هیوایەی وردە وردە باش بێت و لەگەڵمان رابێت، هەوڵی دەدا بەخۆشی لەگەڵی بجووڵێینەوە، بەڵام بێ سوود بوو، ناچار رۆژێك پێی گوت ، ئەگەر لەگەڵ ئەو منداڵانە دەگونجێی باشە، ناگونجێی فەرموو لە کوێ هاتووی برۆ ئەوێ، ژنە دەستی بە پاڕانەوە و نوزانەوە کرد، باوکم ئەو جارەش لێی خۆش بوو.

**ئەنجامدانی تاوان**

کە ژنەکە ئەم هەڵوێستە دەمکوتکردنەی لە باوکم دێت، ئیدی لە بەرامبەر ئێمە خۆی کڕکرد، بەڵام ئەمجارە وردە وردە بە قسەی خۆش دەیوویست بزانێ باوکم چی هەیە و چی نییە، سەنەدو بەڵگەنامە رەسمییەکانی لە کوێدان، بە کورتی هەرچی پەیوەندی بە موڵك و ماڵی هەیە دەیویست بیزانێت، رۆژێك باوکم کە لە دەرەوە دەگەڕێتەوە لە پێش کۆسپەکەی بەردەگا پێی دەخلیسکێ و زۆر بە توندی بەردەبێتەوە، بەو بەربوونەوەیە ئێسکی نێکی لای سەرەوەی رانی دەشکێ، بەم هۆیەوە لەسەر جێگا دەکەوێت و پێییەکی بە تەواوی لە کار دەکەوێت، دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆی، پزیشك پێی دەڵێ دەبێ دوو مانگان لەسەر جێگابی و دوای سێ مانگی تریش ئینجا دەتوانی بە گۆپاڵ بڕۆی، ئا لەو ماوەیەدا کە باوکم، لە جێگا کەوتبوو، زڕ دایکەکەم پلانی کوشتنی بۆ دادەنێ، رۆژێك کە زستان دەبێ، بە باوکم دەڵێ ئاوت بۆ گەرم دەکەم بەڵکو خۆت بشۆی، ئەویش دەڵێ باشە، هەر زوو ئاوی بۆ گەرم دەکات، ئێمەش هەردووکمان لە قوتابخانە دەبین، دەیباتە گەرماوەکەی ماڵەوە و غازەکە دەکوژێنێتەوە، کە دەیکوژێنێتەوە، دووبارە بە دزی باوکم

سەرەکەی دەکاتەوە تا غازی لەبەر بڕوات، غاز وردە وردە لە بوتڵەکە دەڕوات و باوکم خەریك دەبێ خۆی دەشوات، ئەویش دەڵێ من دەچمە ئەو دوکانەی ئەو بەرمان هەندێ سابوونی تازە دێنم، تا من دێمەوە ئەوەندەی پێت دەکرێ خۆت بشۆ، کە هاتمەوە خۆم بە تەواوەتی دەتشۆم، ئەویش دەڵێ باشە کە دەڕواتە دەرەوە، بە هێواشی دەرگاکەی لە دەرەوە لەسەر دادەخات و کەڵێنی دەرگاکەشی دەگرێ و دەچێتە دەرەوە دوای پتر لە کاتژمێرێك و نیو ئینجا دەگەڕێتەوە، کە دەچێتە گەرماوەکە دەبینێ (حاجی نەهرۆ ) بە بۆنی غازەکە مردووە، دێتەوە دەرەوە و وەکو پێشتر دەرگای لەسەر دادەخات و ئینجا دەست بە قیژەو هاوار کردن دەکات، خەڵك و جیران کۆ دەبنەوە تا بزانن چییە، کە لە مەسەلەکە دەگەن، حاجی عوسمانی دراوسێمان کە نزیکەی (٣٠) ساڵ برادەری باوکم بوو، دەرگای گەرماوەکە دەکاتەوە، ئەم دەرگا پێوەدانە زۆر سەرنجی رادەکێشێ بەڵام لای کەسیش نایدرکێنێ، هەر چۆنێك بێت لە نەخۆشخانە دەزانرێ بەچی و چۆن مردووە، پۆلیس دەست دەکات بە لێکۆڵینەوەی خۆی و حاجی عوسمان دەرگا داخستنەکەی گەرماوەکە لە دەرەوەرا بە نهێنی بە پۆلیسی لێکۆڵینەوە دەڵێ، ئیدی ئەفسەرەکە لێکۆڵینەوەی خۆی بە نهێنی دەست پێ دەکات و سەرووی خۆشی لە مەسەلەکە ئاگادار دەکاتەوە.





## دوای مانگێك

ئەحمەد بەردەوام دەبێ لەسەر گێڕانەوەی لایەنەکانی تری بەسەرهاتی خۆیان و باوکیان و دەڵێ:
دوای مردنی باوکم بە هەفتەیەك، ئەو ژنەی باوکم زۆر پڕ کار و ئیش بوو، من نەمدەزانی چی دەکات و چی ناکات بەڵام حاجی عوسمان رۆژێك بانگی کردم و هەموو شتێکی تێگەیاندم، منیش چاودێری خوشکەکانم بە تەواوی کرد و خۆم بێ دەنگ کرد، ئەو ژنە، بە رێگەی مامەڵەی ساختە و تەزویر کردنەوە، لەگەڵ یەك دوو کەس پێکهاتبوو، خەریکی فرۆشتنی خانوو و موڵکەکانی باوکم بوو، رۆژێك دەبینم خەریکی کۆکردنەوەی جلوبەرگ و کەلوپەلەکانیەتی، گوتی من دەچمە ماڵە خزمێکم دوای چەند رۆژێکی تر دێمەوە، هەر کە پێی نایە دەرگا، دەموو دەست کۆمەڵە پۆلیسێك و ئەفسەرێك بەژووردا کەوتن و توند دەستیان گرت و کەلەپچەیان کرد، کە بردیانە بنکەی پۆلیس و لەوێش ئەوانەی بە نهێنی دەستی لە گەڵیان تێکەڵ کردبوون، ئەو بەڵگانەی لەسەری کۆکرابوونەوە و ئەوەی لەسەری گیرابوون ئەو شاهیدانەی کە هەبوون لەگەڵ هەموو ئەوانە رووبەڕوو کرایەوە، ئیدی هیچی پێنەما و لە پڕمەی گریان دا، هەر چی کردبوو، دانی بە هەمووی نا.